# هەڵبژاردنی داهاتووی ئێراق

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ***
husin2008@yahoo.com



هەڵبژاردن لە ئێراقدا بووەتە دیفاکتۆیەك پێویستە هەموو لایەك مل کەچی سسیستەمی هەڵبژاردن بن ، دەکرێ بڵێین لە دەرەوەی ئیرادەی لایەن و هێزە سیاسییەکانە چونکە ئەمریکایەکان لە پشتی پەردەی شانۆ سیاسییەکانی ئێراقەوەن ، زۆر جار بە ئاماژە و رێنمایەکانی ئەوان لە ئێراقدا هەنگاو دەنرێت و راسپاردە و بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ دەکرێت و بەشێکی ئەکتیڤن لە فەلسەفەی حوکمڕانی کردنی ئێراقدا ، ئەمریکایەکان بۆ ئەوەی بیسەلمێن کە تەنها ئەوان داگیرکەر نین و ئاسودەی و خۆشنودی بۆ خەڵکی ناوچەکە دەخوازن ، بۆ برەودان بە دیمۆکراسی هاتوون و دەیانەوێت دیکتاتوریەت بن کۆڵ و ریشە کێش بکەن ، بۆیە بەبایەخەوە چاودێری دوا بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نووێنەرانیان دەکرد هەمیشە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ حزووری جدییان هەبوو تاکو هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکانیان گەیاندە یەك .

هەرچەندە لەهەرێمی کوردستاندا زۆری لیستەکان گرفت نییە ، چونکە ئەو کورسییانە دیاری کراون و بەشە پشکی کوردە، هەر لیستێك بیباتەوە هەر کوردە و نمایندەی کورد لەئەنجوومەنی نوێنەران دەکات ، بەڵام بەمەرجێك لەماوەی پڕوپاگەندەی هەڵبژرادن و لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژردندا لەرێڕەوەی دیموکراسییانە دەرنەچێت و کاریگەری و رەنگدانەوەی نیگەتیڤی لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکانی و مەسەلە ستراتیژییە ئایندەییەکانی بڕیارە چارەنوسسازەکانی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی داهاتوو هەبێت .

یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی کورد بە تێڕوانیین و لیستی جیاوازەوە لەو ناوچانەی کە تاکو ئێستا نەکەوتوونەتە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی گرنگ و پێویستە ، چونکە لەو ناوچانە نەتەوەی جیاواز و قەوارەی جیاوز و بۆچوونی جیاواز هەیە ، ململانێ و کێبڕکێکان بەهێزترە و زەمینەکە لەبارتر و رەخساوترە بۆ بەشداری کردنی تەواوی لیستەکانی ئێراق ، جموجۆڵی بەرچاو و بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی لیستە ناکوردییەکان دەنگی بەشێکی کورد بۆخۆیان کەمەندکێش بکەن ، پەرش و بڵاو بوونەوەی دەنگی کورد بە لیستە جیاجیاکاندا لە بەرژەوەندی و قازانجی کورد نییە و مایە پۆچی بە دواوەیە .

بەدیدی من کورد چۆن لە هەرێمی کوردستان رەفتار و هەڵسوکەوتی سیاسی و پەرلەمانی دەکات با بیکات ، بەڵام لەبەغدا دەبێت یەکگرتوو یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بێت چونکە بە هەمووە لایەنەکانەوە لە ئاست ئەوانی بەرامبەردا کەمیینەن ئینجا چ جای ناجۆر و پەرت و بڕبڕ بن ،یەك هەڵویستی کورد لەمەڕ جێبەجێ کردنی داخوازی و خواستەکانی کورد لە پێکهاتی حکومەتی ئایندەی ئێراقدا پاماڵکردنی بەشێك لەدەستکەوتەکان دەبێت و لە دەرئەنجامدا لایەنەکان مل بۆ هەندێك لەداواکانی کورد بدەن .

من وای بۆ دەچم هەوڵ و تەقەلاکان نمایش کران بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کورد یەك دەنگ بێت بەڵام ئەنجامی نەبوو , کەواتە لەڕووی ناوخۆیەوە بەسەر تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ نەبوون بۆیە جارێك لە دەسپێکداین سکاڵا دژی یەکتر تۆمار دەکەن و هەر لەئیستاوە شەڕە قسە دەستی پێکردووە.

**له دیوێکی تره تەماشا بکەین له ئێراقدا ئەوانەی بەشداری له پرۆسەی دەنگداندا دەکەن پێکهاتەی جیاواز و عەقڵ و جیاواز و لایەنی سیاسی جیاواز و نەتەوەی جیاواز و ئاین و مەزهەبی جیاواز و خێڵی جیاواز و تیرو تایەفەی جیاوازن ,ئەمانه هەموو کاریگەریان له سەر کەس و تاکی دەنگدەر هەیه که هەرکەس ئینتیما و وەلائی بۆ یەکێك له وانه هەیه واته لەڕووی سۆزداریەوه کەسەکه دەنگدەدا ,لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەکەی ئێمەش بەشێکی دانه بڕاوه لەنەریت و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلأت بۆیه له ڕووی کەلتووری و فەرهەنگیەوه ئینتیما بۆ هۆز و خێڵ و نەتەوه بەسەریدا زاڵه و ئەوه دەبێته پێوەر بۆ دەنگدان , ڕاشکاوانه تر بڵێین کاندیدەکان سەرەتا قورساییان لەناو هۆزەکانیاندا دەردە کەوێت ، دواتر رەهەندی ئاینی و حیزبی وەردەگرێت .**

**ئەم هەڵبژاردنه لەبەر ئەوەی به لیستی کراوەیه جیاوازی لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوودا هەیه و دەرفەت و بوار زیاتر بۆ دەنگدەر دەڕەخسێنێت تاکو دەنگ بەکاندیدی دڵخوازی خۆیان بدەن بۆیه پێشبینی دەکەم هەندێك جار مەسەلەی حیزبایەتی کاڵبێتەوه و لایەنی عەشیرەتگەری باڵ بەسەر هەڵبژاردنەکەدا بکێشێ و کوڕی عەشیرەت بەر له کوڕی حیزب دەربچێت .**

**ئەو ململانی ناکۆکی و زۆرانبازی و کێشمه کێشمەی نێوان نەتەوه و ئاین و ئاینزاکان شتێکی ئەزەلیەه و خەڵکی ئێراق بەو مەسەلەیه ڕاهاتوون , ئەو پاشاگەردانی و بێسەرو بەرییەی کەله ئێراقدا تاکو ئێستا هەیه دەگەڕێتەوه بۆ ئەو ناکۆکییه قوڵەی که له سەر چەمکی فەرمانڕەوای کردن هەیه و خەڵکی سیڤیل باجدەری ئەو ناکۆکییانەن , درێژبونەوەی ئەو ڕێڕەوه زیان بەسەر ماڵ و هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ئێراق دەگەیەنێت .**

**ئاکامی هەڵبژاردن گومانی تێدا نییه لایەنی شیعه براوەی گۆڕەپانەکەیه و له هاوکێشه سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن ،له پۆسته سەروەریەکانیشدا بەشی شێر وەردەگرن ، ڕەنگه لەسەرەتای ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دواتر له سەروەختی دروستکردنی حکومەتی نوێدا کومەڵێك ئاڵۆزی و گرژی لەنێوان لایەنەکانی ( شیعه و سونه و کورد )دا دروست ببێت و پرۆسەکه به ئاراستەی قەیرانێکی تەمومژاویدا ببن ،بەلأم جارێکی دیکه ئاماده بوونی ئەمریکا له کایه سیاسییەکاندا ناوبژیوان دەبن بۆ ئەوەی سەرله نوێ ئێراقێکی تەوافقی و بەرەی دروست ببێتەوە،شیرازای ئێراق تێکنەچێت و هەڕەشه و مەترسی لەسەر بەرژەوەندی و ستراتیژ و ئامانجی ئەوان نەبێت .**

* ماستەر له مێژووی نوێ